www.kurdistannet.org
22-3-2002 19:13

# هەڵویست وەرگرتن لە بارەی جینوساید دا، وا دەبیٚ!

سەلام عەبدوڵلا

**لە چەندین پۆستەر، نووسین و هۆنراوە، لە بری هەڵەبجە، دەنووسریٚ(هەلبشیما). تاوانی بە کۆمەڵکوشتنی هیرۆشیما، شویٚنی نەفرەتی هەموو مرۆڤایەتییە، هەموو یابان و مرۆڤایەتی ئیٚستایش یادی دەکەنەوە و سەر بۆ قوربانییەکان دادەنویٚنن، هیچ کەسیٚکیش باسی حکومەتی جەنگپەرەستی یابان ناکات کە سەرتاپای لە ناو خویٚنی هەموو گەلانی ناوچەکەی، نوقم ببوو. ئەم هەڵویستە، لەم تیٚگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤدۆستانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە: هیچ هیٚزیٚك لە جیهان، بە هیچ بیانوویەك، بۆی نییە، کۆمەڵکوژی بکا. هەمان شت لە بارەی تاوانی هەڵەبجە: فاشیستەکەی بەغدا، بە هیچ بیانوویەك، بۆی نەبوو، کۆمەڵکوژی شاری هەڵەبجە بکا.**

**بەڵام لە بەر ئەوەی ئاستی رۆشنبیری حەمەسەعید لە رادە بەدەرە، لە ووتارەکەیدا(هەڵەبجە و گەمەی وتوویٚژ) دەنووسیٚنی:(...بەڵام ئەگەر ینك و لایەنەکانی دیکە، ریٚگەی داگیرکردنی هەڵەبجەیان بۆ لەشکری ئیٚران تەخت و خۆش نەکردبا، حیزبی بەعسی فاشیست بیانووی کیمیابارانی ئەو شارەی دەستگیر نەدەبوو.)[1]**

**ئایا فاشیستەکان، پیٚشتر چەکی کیمیاویان بەکارنەهیٚنا؟ ئەی لە لادیٚ و شارۆچکەکانی دهۆك و هەولیٚر بۆچی بە کار هیٚنرا؟ ئایا ئەمە وتنەوەی بیانووەکانی فاشیستەکان نییە؟ ئایا(ح.س) بەم جۆرە بیرکردنەوەیە، رووی تەرەسەکەی بەغدا سپی ناکا؟**

**ئەم"بلیمەتە"، بە پیٚچەوانەی هەڵویستی هەموو مرۆڤایەتی لە بارەی هیرۆشیما، لە بارەی تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، باسی سیاسەتی یەکیٚتی دەکا!!**

**ئایا ئەم بۆچوونە تا چ رادەیەك مرۆڤدۆستانەیە؟ چەند خزمەت بە قوربانیان دەکا؟**

**کاتیٚ لە بارەی هیرۆشیما هەڵویست دەگیریٚ، کەس باسی دەسەڵاتەدارەکانی یابان پاش هیرۆشیما ناکا، کەچی بەرپرسانی حککا، ئەوەندە بە"فاکت"دەنووسن، ئەوەندە"سیاسەتمەداری بۆچوونی کۆمونیستانەن"، لە یادی هەڵەبجەدا، باسی کردەوەکانی"دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد" پاش تاوانەکە بە چەندینساڵ، دەکەن!**

**بەڕاستی، دەبیٚ"جیهان لەم بلیمەتانەوە فیٚر بیٚت جینۆساید چییە و چۆن دەبیٚ هەڵویستی ئینساندۆستانە لە بەرامبەری دەربگیریٚ"!**

**بەش بە حاڵی خۆم، ئەگەر هەڵەبجە بە دەستی جوند ئەلئەسلامەوە بوایە، هەمان ئەم هەڵویستەی ئیٚستام دەبوو. هەمان شت، ئەگەر سبەی ئەمریکا کۆمەڵکوژی شاری بەغدا یا هەر شاریٚکی تر بکا، ئەوا هەمان ئەم هەڵویستەم دەبیٚ: هیچ هیٚزیٚك، بە هیچ بیانوویەك، بۆی نییە کۆمەڵکوژی بکا!**

**هیوادارم، ئەم نووسینە ببیٚ بە سەرەتایەك، بۆ وەرگرتنی هەڵویستی یەکگرتووانەی هەمووومان لە بارەی هەڵەبجە و ئەنفال لە ساڵانی داهاتوو.**

**لە گەڵ تۆمە، هەر کێیەك هەی، زانای، سواڵکەری، سەرۆکی یا هەر کەسیٚکی بیٚ ناو یا ناودار: کە 3/16 و4/14هات، سەردانویٚنە بۆ قوربانیان دانویٚنە، بە ماتبوون یا بە تورەیی و بەرگری، ئەوەی لە دژی فاشیستەکان پیٚتدەکریٚت، دریٚغی مەکە.**

2002/3/22

[1] – بروانە ماڵپەڕی کوردستاننیٚت، رۆژی2002/3/21